# ڕا پەڕینی شاری کەلار مێژوویەکی نوێ تۆمار کرد و دەبێت جیگەی پشتگیری کردنی هەموومان بێت !
# ریگە مەدەن ڕەووشتەکانی بەعس لە پەرە سەندنابێت لە کوردستان

ئەمرۆ شاری کەلار بووە گۆرەپانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەل دەستەلاتی ستەم و چەوسانەوە، لەگەڵ پۆلیس و هێزە سەرکوتکەران، لەگەل دەستەلاتی سەرمایەو سەروەتداران، لەگەڵ دزو ئاودیوکەرانی چەندین ساڵ . سەرلەبەیانی ئەمرۆ جەماوەری راپەڕیوی شاری کەلار خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان سازکرد کە تیدا هەزاران کەس بەشدرای تیدا دەکەن. سەرەتا خۆپیشاندەران لەبەردەم سنتەری هەلەبجە کۆبوونەوەو پاشان بەرەو قائمقامی یەتی کەلار کەوتنە رێ بەمەبەستی نارازایەتی دەربرین دژ بە گەندلی و دزی و گرانی نەبوونی ئاو و کارەباو سووتەمەنی و بە کورتی ژیانیك کە تەنگی بە ژیانی خەڵکی ئەم شارە هەڵچنیوە. دواتر قائمقامی کەلار دێتە نزیك خۆپیشاندەرەان و دەیەویت قسەوباس بۆ خوپیشاندەران بکات، بەلام لەگەڵ تووڕەی نارەزایەتی فراوانی خەلکدا رووبەرووبووەو بە شعاردان ودەنگ هەلبرین خوازیاری ئەوە دەبن کە( دەبێ قایمقام دەست لەکار بکێشێتەوە ،دزەکان...دزەکان...دزەکان...کارەبا...کارەبا ...کارەبا ) بەردبارانیان کردو ئەو ناوەیان پێ بەجێ هێشت. دواتر قائیمقام فەرمانی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران دەدات وئاسایش وەك پیشەی هەمیشەیان دەکەونە پەلاماردان و تەقەکردن لە خەلك بەمەبستی بلاوە پی کردنیان. ئەمە دەبێتە هۆی بریندار بوونی چوار هاولاتی شاری کەلار کە دواتر بەداخەوە یەکێکیان گیان لەدەست دەدات. پاشان خۆپیشاندەران دەست دەکەن بە بەردەبارانکردن وپەلاماردانی ئیداراتی حکومەی وسووتاندنی هەندێك کەلوپەلی بەریوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان و ئاگریان بەردایە چەند سەیارەیەك و سووتاندیان . سەرئە نجام بەهۆی پەلامارو نوواندنی توندوتیژی سەرباری برینداربوونی چوار هاولاتی هەروەها دەسگیر کردنی نزیك بە 30 کەسی تر . ئەمە سەرباری ئەوەی کە تا ئیستە بارودۆخی شارو نەگونجاو نا ئەمن و جەویکی میلیتارستی بالی کیشاوە بەسەر کەشەکەدا .

ئاشکرایە کە ڕاپەڕینی ئەمڕۆی خەلکی کەلار کە بۆ دابین کردنی مافە سەرەتای یەکانی خۆیان هاتبوونە مەیدان دەبێت جیگەی پشتگیری کردنی هەموولایەکمان و بە تەنگەوەچوونیان بین . بەرگری کردن لە خەلکی راپەریوو بەدەنگهاتووی شاری کەلار ئەرکیکی ئینسانی وپیشرەوانەی هەموو ئینسانیکی خاوەن هەڵویست و ئازادیخوازە. هاتنەمەیدانی خەلکی ئەم شارە لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لە ئاوو کارەباو سوتەمەنیو دژ بە گەندەلێ ئیداری وبنبڕکردنی دیاردەی دزیو هەڵلوشینی سەروەتی خەڵکی کوردستان. بۆیە دەبیت جیگەی پشتگیری و هاوکاری یەکی لیبراوانەو جدی بیت . بەدلنیای ئەوەی ئەمرۆ خەلکی کەلار پێ هەستا دریژەی هەمان خەباتی جەماوەری یە کە سەرتاسەری شارو شارۆچکەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە، کە راپەرینی حوزەیرانی خەلکی شاری رانیە جاریکی تریش بووەوە بە دەروازی راپەرین و هاتنەمەیدان دژ بە زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانەوە، دژ بە گەندەڵی ئیداریو ئەو فەرهود کردنە فراوانەی سەروەتو سامانی خەلکی کوردستان لەلایەن تاقمیکی مافیای یەوە . ڕۆشنە خەڵکی کوردستان چی دی تەحمول ناکەن کە کۆمەلێك لە چراخانی بەهەشتی دروستکراوی سەر زەویدا بژین و زۆربەیەکیش نان و ئاو و کارەباو سووتەمەنی و ماف و ئازادیە سەرەتای یەکانیان لیٚ زەوت بکریت .

بەدلنیای گرتن و کوشتن و سزادان و راونان و تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و نا ئەمن کردنی ژیان و گوزرەانی خەلکی کوردستان رۆژ بە رۆژ ئاوارە بوون و رووکردنە هەندەران زیادو زیاتر دەکات و ئەم بارودۆخەش دەبیتە هۆی فراوانتر بوونەوەی دەورەیەکی تری ئاوارە بوون و ناچار کردنی ئەو خەلکە بەرەو ئایندەیەکی نا دیار . بۆیە ئێمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەرابری بە توندی مەحکوم کردنی ئەم دەست دریژی و تاوان و کوشت و کوشتارو تەقەکردنە لە خەلکیك کە تاوانەکەیان ئەوەیە داوای سەرەتایترین ماف و ئازادیەکانی خۆیان دەکەن و جی دی ئامادە نین کە مل بەو هەموو گەندەلی و دزی و فەسادە سیاسی و ئیداریە بدەن . بۆیە هاوکات بانگەوازی هەموو دەنگیکی ئازادیخوازو ئینسان دۆست دەکەین کە لەپاڵ مەحکوم کردنی ئەم دەست دریژیانەدا، خوازیاری ناساندن ودادگای کردنی وسزادانی تاوانباران و قەرەبوو کردنەوەی هەموو زەرەروزیانەکانی هاولاتیان بن و پێ لەسەر هەموو ماف و داواکاری یەکانیان دابگرن و بەهەر شێوەیەك کە بۆیان دەکرێت داکۆکی لە ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان بکەن !

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2005 / 9 / 7